# دووره تەریقەت

ئیسماعیل کەریم
ئەڵمانیا

ئەو ڕۆژانەی چاوو پڕ پرسیار
دڵ پڕ ئەوین
لە ژوانێکدا دەمردین،،،
لەلام ڕوون بوو کە دابڕان
وەکوو مەرگ لەتمان دەکاو
ئیتر تا هەتا ناسرەوین،،،
هەناسەکەم کە جێهم هێشتی
لە ئاگردانی نیبیشتیمان
پشکۆیەکم خامۆش کردی،،،
دارستانی سەوزی ئەوین
کە ساباتی ژوانمان بوو
بەبێ گەڵاو گوڵم کردی،،،
پێ دەزانم لەو ئاوەدانیەی نیشتیمان
ناڵینێکی وەها بە کوڵ دەناڵێنیت
دڵی مردویش دەگرێنیت،،،
بە هەناسەی گەرمی دەرون
هەرچی یادو یادگاریە
بە ئاهێکی ئاگراووی دەسوتێنیت،،،
لەم پایزە زەردەی تەمەن منیش تەنها
بێ سۆزی تۆ
لەناو خۆمدا دەتوێمەوە،،،
بێ نیشتیمان، بێ یەقینێک
بۆ ئایندە
تەنها مەرگ دەبینمەوە،،،